# گەشانەوە و هەڵوەرین



نووسینی : **ئارام ئەحمەد**

**لەیادی شەهیدبوونی دایک و خوشک و براکەم لە ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991 .**
**بەداخەوە حکومەتی هەرێم لقی سلێمانی بە شەهیدیان لەقەڵەم نادا, چونکە شەهیدی سەنگەر نین.**

* مارتی 2000 لە ژمارە 31 ی پەیام کە لە لەندەن دەردەچوو, بڵاوکراوەتەوە.

لەوەتەی  چاوی بە ژیان هەڵهێناوە ودەوروبەری خۆی ناسیوەتەوە ئەمە یەکەمجارە ئازادی بە تازەیی هەڵدەمژێ.ئەمجارە شنەی تۆڵە نەک لە چیاکانەوە, بەڵکو لە ناو شارەوە لە دایک دەبێت و هەوری ڕەشی ئێسکگرانی زۆرداری لەسەر خۆی ڕادەماڵێت و ئاسمانێکی شین و ساف دەردەکەوێت.یەکەمجارە دوعاو نزای بەر لەمێژوویی دەربەند دێتە دی و ئەودەستەی بۆ لای خوا هەڵبڕیوە دایدەنەوێنێت و بەردەقارمانی پێ بەرز دەکاتەوە و ماچی دەکات.یەکەمجارە پەت و کەلەپچەو زیندان لە گەرەکەکاندا سواڵ دەکەن و برسیانە. یەکەمجارە خەم سیس دەبێ و مەراق ووشک دەبێ و ئازار دیق دەکا. یەکەمجارە گڕە دەبێ بەشەماڵ و نووزە دەبێ بە گۆرانی و چرپە دەبێ بە هاوار و مرخەمرخی پێش گیان دەرچوون دەبێ بە سیمفۆنیا و شار دەیڵێتەوە . یەکەمجارە مێژوولەگۆڕ هەستاوەتەوەوکۆستەکان, ئەنفالەکان,گوندەڕووخاوەکان, شارەبێگیانەکان, منالی بێ دایک و باوک, بێوەژن و بێوەمێرد دەژمێرێ. هەڵەبجەو بادینان, ئەستێرە داچۆراوەکان, سەردەشت وکەرکووک, هەموو قوربانییەکانی کوردستان دەژمێرێ. یەکەمجارە گوند دەستی گووند دەگرێ و شار دەبێتە گۆچانی شەلە شارێکی ترو کۆلان شان بەشانی کۆلانی بریندار تەقە لەتاریکی دەکات و سەری شەوەزەنگ هەڵدەگرێ.

هەتا دوێنێ قەلە ڕەشکە ڕەنگ زەیتوونییەکان باڵیان فش دەکردەوە و کەس نەبوو پێیان بڵێ ( بەرچاوتان کلی پێوەیە) ئەمرۆش نازانن جلەکانیان, دەمانچەکانیان لەکوێ بشارنەوە. دارو بەرد و شەقام و تەنانەت خۆشیان لێ بووەتە دووژمن.هەتا دوێنێ شیعر لە زینداندا تەماشای مەرگی خۆی دەکرد, کەچی  ئەمرۆش لە گۆرەپانە گشتییەکەی بەردەم قایمەقامییەت لەگەڵ هێمن و گۆران دەستی گرتووە و هەڵدەپەرێ. یەکەمجارە قەندیل بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەگرمە لێدەدا و هەیبەت سوڵتان پر بەدەم پێدەکەنێ. یەکەمجارە وولاتی ساڵ دوانزە گۆمی خوێن نەخشەکەی دەبێتە تابووتێکی گەورە و دووژمنی تیاپاڵ دەکەوێ.

هەر ئێستا (ڕەفیق بکر) پەیدا دەبێ و دەست بە نیشتیمان پەروەری فرۆشتن دەکات, ئەمەی تۆ دەیبینیت تەنها زرە خەونە, تاوانێکی گەورەی بێ لێبوردنە. هەر ئێستا دونیا پر دەبێ لە جاش و جەیش , لەئەمن و ئیستیخبارات. در بەم قەلەباڵەغییە دەدەن, شەلم کوێرم ناپارێزم خەڵک دەدەنە

بەر دەسرێژی گوللەو خوێن بازرەقە دەبەستێ. دوو سێ جار چاوی هەڵگڵۆفی...... ڕاستە یان خەون ؟

نووقورچکەیەکی توندی لە دەستی گرت , بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کەخەون نیە. ڕاستە یان خەیاڵێکی سەوزە و بۆ تاوێ لە سێبەری داری باخی ئازادی بێ ڕەفیق بەکر میوانم؟

ئۆخەی خۆ نەمردم و چاوم بە دیداری ئەم هەڵۆ چاونەترسانە جارێکی تر شاد بووەوە, کورتەک و شەرواڵی تۆزو خۆڵ لێنیشتوو, کۆڵەپشتی گران, ووردە نانی گیرفان و

مەتارەی ئاو, ریزە فیشەکی ناو قەد و پێڵاوی ئەدیداس. شادی و ئازایەتی و قوربانییان لە نیگا دەچۆڕێ.

کە منالٚ بوو لەگەلٚ پووری کە بە میوانی لە قەرەداخەوە هاتبووە کەرکووک چوونە بنارگل بۆ دیدەنی پوورێکی تری کەلە گەرمیان نیشتەجێ بووبوو. لەوێ لە شەوێکی ساماڵی هاویندا, کۆمەڵێ پێشمەرگەی باڵا بەرز بە مەکینەو عارەبانە خۆیانکرد بەدێدا و لەبەردەم ماڵی پووری کە کەوتبووە ئەوپەری ئاوایی ڕایانگرت و دابەزین, ئەمیش لە خۆشیا خەریک بوو دڵی بێتە دەرەوە, هەر لەدەوریان دەسووڕایەوە.

هەندێ ئاو و دۆیان خواردەوە و ماندووبوونیان حەسانەوە و بەرەو شاخ و دۆڵەکان بەرێ کەوتن, لەناو تاریکیدا بزر بوون .لەو شەوەوە ئیتر ئەم شەوان خەونی بەجلی کوردی و جامانەوە ئەبینی, لەوشەوەوە ئیتر هەموو ئاواتی لە دیدەنی جارێکی تری پێشمەرگە دەبینییەوە, حەزی دەکرد ببێتە دووربینێک و خۆی بە ملی پێشمەرگەیەکەوە هەڵواسێ, ئارەزووی دەکرد ببێتە تۆزو خۆڵی دوای کاروانی شەکەت و ماندوویان, ببێتە کانی و لە ڕێگای گەرانەوەیان لە چالاکییە هەمیشە سەرکەوتوەکانیاندا هەڵقوڵێ, لێو بخەنە سەر لێوی و پر بە دەم ماچیان بکات و پاراویان بکات.

کوردستان خەلەیەو ئامادەی درەوکردنە, ڕاپەرین ئاگرەو بەباوە ئەیهێنێت. هەر ڕۆژە شارێک, گوندێک, ئۆردوگایەک, چەمێک, باخێک,دۆڵێک گڕی ئازادی تێبەردەبێت.دوێشەو پریشکی ئەم گڕە پیرۆزە ئەمدیوی دەربەندی داگرتەوە.لە شەوێکا بنەو بارگەی سی ساڵی ئێسگگرانی داگیرکەر پێچرایەوە.ئەمیش بەیانی زوو بەپێ لە ئۆردوگاوە بەرەو شار بەرێ کەوتووە, شار شەڵەژاوە, سەر جادەکان زۆر قەڵەباڵەغن. ڕق و کینە, سووتان و دووکەلٚ , ئازادی و بێسەروبەری ,گریان و پێکەنین, کوژران و لەدایکبوون, زرمەی تۆپ و دهۆلٚ,گوللەوزورنا, ئاوی هەنارو خوێن تێکەلٚ بوونەو لەیەک جیاناکرێنەوە.ئەمبۆلانسی نەخۆشخانەکە بەناو شاردا دەسووڕێتەوە و خەڵکی بۆ ڕووخاندنی یەکجارەکی ئەم ڕژێمە بۆگەنە هاندەدات, تکا لە جەماوەر دەکات کەلووپەلی دەزگاکانی دەوڵەت و نەخۆشخانەو قووتابخانەکان بپارێزن.بڵندگۆیەکیان لەسەر کتێبخانەگشتییەکەی ناو شار دابەستووە و

( حەمە جەزا ) پڕ بەگەروو هاواردەکات ...... :

جائەو کاتە بە هەتوانی ئازادی ......... سارێژ دەبێ برینی نامرادی.

ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە دایکی لە شەوانی ساردو تووشی سزتان باسی دەکرد, ڕۆژی حەشر, ڕۆژی هەستانەوەی مردووەکان, ڕۆژی پاداشتی هەژارانەو سزادانی زۆرداران, ڕۆژی یەکلابوونەوەی شەری چارەنووسسازی نێوان چەوساوەکان وچەوسێنەران, ڕۆژی تەنکبوونەوەی تەنکەتەمی نێوان یەقین و گومان. رژێمێکی وەکو بەعس کە حیسابی بۆ هیچ عورف و یاسایەک نەدەکرد, ئەمرۆ تۆزی هەڵتەکاندنی تەخت و تاجی ئەچێتە ئاسمانا. نەخۆشخانەکە جمەی دێ لە کوژراو بریندار, قیژەی منالی دایک کوژراو زرمەی تۆپ عەرش دەلەرزێنێت, هەوالی چەرخێکی تازە بەم کۆمەڵگا ژێر دەستەیە ڕادەگەیەنێت. (هێزی پاتار) کەوتۆتە شرە خواردن, هەر ژنەو فەردە خەتسووری دەرمانی بەکۆڵەوەیە بێ ئەوەی بزانێت بۆچی بەکار دێت,هەر منالەو دەمانچەیەکی بەقەدەوەیە و بێهودە تەقەدەکات, هەر زەلامەو لەفەیلەقی ڕێگای کەرکوک بەکۆڵەوە دەگەرێتەوە. دووکەڵ لەشوێنە جیاجیاکانی ناو شار بەرزدەبێتەوە, تەنکە هەورێک بەری ئاسمانی گرتووە , زۆربەی دەسگاکانی دەوڵەت بوونەتە بنکەی حیزبەکان. خۆئەم پێشان تەنها ناوی پێشمەرگەی بیستبوو, کەچی ئێستا ئەو هەموو ناوە درێژ و بیرقەدارانە لەسەر تابلۆی گەورەو بە دیواری دائیرەکانەوە هەڵواسراون : یەکێتی نیشتیمانی کوردستان, پارتی دیموکراتی کوردستان, حیزبی شیوعی عێراقی, پارتی سۆسیالیستی کوردستان, بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق, حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان, ڕەوتی کۆمەنیست و..... تاد .

زۆر سەیرە , ئەم هەموو حیزبە تا ئێستا لەکوێ بوون؟ ئەی ئەگەر ئەم هەموو هێزو پارتانە هەن بۆچی هەتا ئێستا کوردستان لەژێر دەستی دوژمندایە؟ نیشانەی پرسیاری (بۆ ئەم هەمووحیزبانە هەیە ؟) ڕەگی لە دڵیا داکووتی وەکو ماری بریندار پەپکەی خوارد. بەو منالییەی خۆی لەناخی تاریک و بێبنی بیرەوەریدا گرێیەک سەری هەڵدا, هەتا هەتایە ناکرێتەوە.

ڕۆژی ئازادی ... ئازادی بێ سەروبەر, ئازادی بێ دایکو باوک, ئازادی بێ ماڵ و منالْ. ئازادی ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ بوو , کەس نەبوو ئاوەدانی بکاتەوە. ئازادی جوانە ئەسپێکێ لەسەر سوارو زین ڕانەهاتوو بوو, کەس نەبوو جڵەوی بگرێ. ئازادی زەوییەکی بە پیت و بەرەکەت بوو, کەس نەبوو بیکێڵێت. ئازادی مێرد منالێکی لاسار بوو, بەچوار دەوری خۆیدا بێهوودە تەقەی دەکرد, کەس نەبوو دەستی بگرێ. ئازادی بێخاوەن بوو, ئاخ............ ئاخ ئازادی بێکەس .

خۆشحاڵ و نیگەران بوو. وایدەزانی تازە لەدایک بووە, ئەم بێخاوەنی و بێسەروشوێنییەش کارەساتی گەورەی بەدواوەیە. بەم هەستەوە بەرەو ماڵ گەرایەوە, کەگەیشتە بەردەم دەرگا خۆر

ماڵئاوایی لە خەڵک و خوائەکرد. دوای ڕۆژێکی پڕ ماندوو بوون و هات و هاوار, سەری خستە سەر بالیف و خەوێکی قووڵ بەرەو دونیای بێئاگابوون بەکێشی کرد.
خۆی بەدڵشادترین مرۆڤی سەر زەوی دەهاتە بەر چاو, دڵدارێک و دیوانێکی بچکۆلەی شیعرو دایکێکی بەسۆزی هەیە. دڵدارەکەی ناسکترین ئاوازی خۆشەویستی لێ بەرز دەبێتەوە. دیوانەکە بەیانیان لەچاوانیا شیرینتر دەکات و دایکیشی هەنگوینی نازی دەرخوارد دەدا.لەناکاو دڵدارەکەی لێی ڕەنجا و دیوانەکەی مشکێکی لاسار کرماندی و دایکی وەک پەری ناو ئەفسانە بەرەو ئاسمان هەڵفری. لەهاوارکردن و گریان بەدوای دایکیا لەخەوڕاچڵەکی. دونیا ڕووناک بووبووەوە. کەزانی خەونی دیوە, هەندێ ئارام بووەوە. وەک پاسارییەک شەو تا بەیان لەبەر باران بووبێ, جەستەی شەلاڵی ئارەقە بوو. وەک گەڵای داری پایزان, ڕەشەبای ترس هەڵیدەگرت وبەملا و ئەولادا تووری دەدا. لەپڕ هەستا و بەدوای دایکیدا گەڕا :
_ دایە..... دایە !!!!!
* وەرە ڕۆڵە لێرەم.
بەدوای دەنگی دایکیا چوو. لە چێشتخانەکە خەریکی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بوو. باوەشی پێدا کردو پڕبەهێزی دەستەکانی دایکی بەخۆیەوە نووساند. وەک یەکێک پێی بڵێ دوا ڕۆژی ژیانی دایکتە, ئەمڕۆ دایکت لەڕێگای پان و بەرینی ژیانەوە بەرەو باریکەڕێی مردن دەڕوات.هەتا پێت دەکرێت ماچی بکە, باوەشی پێدا بکە. ئەمڕۆ زریان هەڵدەکات و کڵپەی سەری ماڵەکەتان ئەکوژێتەوە.
* لاچۆ کورم چێشتەکەم ئەسووتێ, بۆ وائەکەی ؟
_ دایە گیان بەخوا تۆم زۆر خۆش دەوێ.
* دەزانم ڕۆڵە دەزانم , چیت لێ قەوماوە ؟
_ ئەمشەو لەخەوما بەرەو ئاسمان هەڵفریت.
* بۆیە وادەکەی! مەترسە کورم هیچم لێ نایە.
هەرجارێ هەستی بەدڵتەنگ بوون بکردایە, خۆی لەدایکی نزیک دەکردەوە و لەسەر ڕانی هەموو خەمەکانی لەبیر دەکرد. بەڵام ئەمجارە وەک ئەسپی تازەزینکراو بڵێسەی ترس و بێئارامی لەچاو هەڵدەستا , زۆر نائاسایی باوەشی پێدا دەکرد.
کەشانە هەنگی پێشمەرگە لانەکانیان بۆ ناو شار گوێزرایەوە, یەکەم پیشەیان چوونە میوانی و سەرەخۆشی لێکردنی بنەماڵەی هاورێ شەهیدەکانیان بوو, کە چەندین ساڵ بوو شەهید ببوون و نەیانتوانی بوو سەرەخۆشیان لێ بکەن. کۆمەڵێ هەڵۆ بەپیکابێکەوە لەبەردەم ماڵەکەی کۆڵانی پشتەوە ڕایانگرت و چوونە ژوورەوە. ئەمیش بۆ تێرکردنی ئارەزووە بەندکراوە کۆنە هەمیشە

تازەکەی, ئۆقرەی لێ برا و چوو بۆ دیداریان. پێنج هەڵۆی کەڵگەت, خۆشەویستی و ئازایەتییان لەڕوو زاوە. بەخێریان هێنا و دەستی جگەرەیەکیان بۆ درێژ کرد. شەش حەوت مانگە جگەرەی پاکەت دەست ناکەوێ, دەستیش بکەوێت زۆر گرانە و تەنها خواپێداوەکان پێیاندەکرێت. تازە کارگەی جگەرەی سلێمانی شکاوەو جگەرە کەوتۆتە بازار. دوو ساڵێکە بەدزییەوە جگەرە دەکێشێت و ئەمرۆ چاوی کەسی لێ دیار نیەو یەکێکە لەڕۆژە خۆشەکانی ژیانی , پر بەسینە دووکەڵ هەڵدەمژێ و تەماشای باڵای یارانی دەکرد.

خەڵکی تر بۆ بەخێرهێنانی پێشمەرگە هاتن و ژوورەکە جێی کەسی تری تێدا نەدەبووەوە. تەرزەی ماچی خۆشەویستی ڕاستەقینەی خەڵک و پێشمەرگە ئاسمانی ژوورەکەی پرشە باران دەکرد. پێشمەرگە شیرین بوو, گلێنەی چاوی هەمووان بوو, بەرزترین پلەو پایەی دلێریی و لەخۆبووردوی بوو. کەچی ئێستا دزێوترین پیشەیە, کەچی حیزبەکان پێشمەرگەیان کردە داشی سەر شەترەنج و هێزی سەرکوتکەری جەماوەری خەباتکەری کوردستان. حیزبەکان قەرزی خەڵک بەپارەیەک (بیست و پێنجی) دەدەنەوە کە سەدام بەبریارێک لە بازار کێشایەوەو ڕەواجی نەماوە, کەچی ئێستا هەموو کوردستان دزراوە و ئەمان تازە قفڵ لەدەرگاگان دەدەن, حیزبەکان بوونەتە بووکە شووشە و گەر شووبکەن وچوار ژنیش بهێنن تازە وەچەیان لێ ناکەوێتەوە, مەگەر زڕە زۆڵ نەبێ.

لە ناو گەرمەی قسەو باسدا , لەناو گەرمەی بەیەکگەیشتنی ئەم عاشقەو دڵدارەکەی, لەنێوان گەشانەوەی دوای هەڵوەرین, زرمەیەک کە دارو دیوار, دەرگاو پەنجەرە, تەنانەت زەوی پان وبەرینی هێنایە لەرزین, پەتی ئەم خۆشحاڵییەی پسان.

ـــ ئەوە چی بوو ؟ چی بوو؟

❋ تۆپ بوو , ناهاوەن بوو, نا کاکە تۆپی قەوسە.

مقۆ مقۆ کەوتە ناو خەڵکەکە, شیرازەی ئاسایی قسە و باس شێوا , لەگەڵ دەرچوونەدەرەوەی بە کۆمەڵدا تۆپێکی تر زۆر نزیک بەزەوی کەوت, هەناوی هەژاند.لە هەموو ژیانیدا گرمەی واگەورەی نەبیستبوو. ووردە بەرد و ساچمەی گڕاوی و خاک و خۆڵی داباران, دەسبەجێ دوو کەسی کوشت.

ڕژێمی بەعس بەسی سال کوشتوبری خەڵک دڵی ئاو ناخواتەوە وئاوا بەئاسانی دەستی لەکوردستان بەرنابێت و دوای بەجێهێشتنی هەر شارێک ڕق و کینەی بەسەردا دەباراند, تۆپبارانی سەختی دەکرد.

هەر کەسە بەرەو ماڵ ڕادەکات, هەرکەس و ئەوەندەی پێ دەکرێ خۆی زرگار بکات, ئەمیش بەچوار هەنگاو خۆی گەیاندە ماڵەوە. باوەکە پیرەکەی لەبەردەم دەرگا خۆی دابوو بەسەر کەمەی گۆچانەکەیدا و لە چاوەڕوانی ئەم و براکەی ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو.

* کورە ئەوە لە کوێ بووی ؟ بەم ئاخر زەمانە بۆ لە ماڵەوە ستر ناگرن؟ ئەی کوا براکەت؟

_ لە دەرەوە بووم. ئەحەی برام پێش من گەرایەوە.

باوکی خەم و ترسێکی گەورە بەلۆچەکانی دەمو چاوییەوە دیار بوو, ڕیشەدرێژەکەی خۆڵەمێشی سارد و سرِی ڕۆژگاری لێ نیشتبوو, لووتێکی گەورەو درێژ بە ڕووخسارییەوە چەقیبوو, دەتووت ئەویش بۆنی مەرگی کردووە بەدەورو بەری ماڵەکەیدا ئەسووڕێتەوە.

* خوا ڕەحم بکات, ئەمرۆ مردنیان کردوە بە نووکی کێردیکەوە و نیشانمان ئەدەن. بەهاری مەرگەساتەو ئاگربارانە.

نێوان تۆپی دووەم و سێیەم درێژەی کێشاو لەناکاو گەردەلوولێک خۆی و باوکی ڕاپێچایە ژوورەوە, بووە تەپو تۆز, ووردە ساچمەی گڕاوی دادەباری, چاو چاوی نەدەبینی. تۆپی سێیەم و مردن دیاری بەهاری دەجاڵەکانی نەزمی نوێی جیهان بوو بەم خێزانە دەربەدەرو کڵۆڵە برا.

مانگی مارتەو سێیەم تۆپ سەری سێ گوڵە سوورەی گەشاوەی بێتاوانی پەڕاند, سێ ئەستێرەی بریسکەداری ئەم ماڵە ڕاگوێزراوەی داچۆڕاند, مانگی سێیەو بە سێ شەهید ( دایک و برایەکی یانزە ساڵە و خوشکێکی پێنج ساڵەی) مۆمی کز داگیرساوی ئەم ماڵەی کوژاندەوە, سێ ساڵە ئەم خێزانە لە کەرکووک دەرکراون و لەم چۆڵەوانییەدا لەنێوان ژیان و مەرگدا دەژین.

مانگی سێ هەر بەتەنها مانگی گەشانەوەی سروشت و خوێنجمانی دارودرەخت نیە, هەر مانگی تەقینی کانی و زاوزێی ڕووبار نیە, هەر مانگی سەیران و بەزمو سەفا نیە, هەر مانگی ڕاپەرین و ئازادی نیە. مانگی ڕژان و پەیتبوونی خوێنیشە, مانگی پەڕاندنی لقی دەست و پێی مرۆڤیشە, مانگی خەزانی کوردیشە, مانگی کوێرکردنی کانی و ڕووخاندنی لانەی کۆتریشە, مانگی شین و گریانیشە, مانگی داچۆڕانی ئەستێرەی هیوایشە, مانگی ئاوابوونی باوەڕیشە.

هەموو مارتێک ئەم کورە ئەچێتە لای خواو سێ جار ئێخەی ڕائەتەکێنێ و پێی دەڵێت :

_ دۆزەخ و زیندان لێرە لەدایک ئەبن, بەهەشتیش هەر لێرە لەسەر زەوی دێتە دی.